کۆماری عێراق
هەرێمی کوردستان
سەرۆك

جمهورية العراق
إقليم كوردستان
الرئيس

بڕیار

ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢١

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو و پاڵپشت بە یاساکاریی پەرلەمانی کوردستان کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٣)ی ڕۆژی ٢٠٢١/٩/٧ کردوویەتی، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢١

یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی

هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٠

ماددەی (١)

دەقی بڕگەی (یازدەم) لە ماددەی (سێیەم)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

یازدەم: ڕێکخستنی تۆمارنامەی بازرگانی و تۆمارکردنی ناو و هێمای بازرگانی و وێنە و دیزاینی پیشەسازی و داهێناننامە.

ماددەی (٢)

حوکمەکانی ناوە بازرگانییەکان و تۆمارنامەی بازرگانی، بە پەیڕەوێك ڕێکدەخرێت کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت.

ماددەی (٣)

پێویستە لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی (٤)

کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

ماددەی (٥)

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

هۆیەکانی دەرچواندن

بە مەبەستی پێدانی دەسەڵاتی تۆمارکردنی ناوە بازرگانییەکان و ڕێکخستنی تۆمارنامەی بازرگانی بە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان - عێراق، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

نێچیرڤان بارزانی

سەرۆکی هەرێمی کوردستان

هەولێر

٦/ ١٠/ ٢٠٢١